زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم

زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ( جوگرافیای لادێ )

مامۆستای بابەت
جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mahmood@su.edu.krd

5-11-2020

fppt.com

# ناوەڕۆکی وانە

❖ **پۆلێنکردنی نشینگە لادێیەکان لە جیهان؛**

**یەکەم: پۆلێنی ژینگەیی .**

**دووەم: پۆلێنی ئاووهەوایی. .**

**سێیەم: پۆلێنی قەبارەیی.**

**چوارەم: پۆلێنی ئەندازەیی.**

**پێنجەم: پۆلێنی پیشەو کاروچالاکی.**

✓ **وانەی داهاتوو.**



# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

**یەکەم:** خستنە ڕووی جۆرەکانی پۆلێنکردنی نشینگە لادێیەکان لە جیهان و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی هەریەک لەو پۆلێنانە.

**دووەم:** شارەزا بوونی قوتابی و سوود بینینی لە دیاریکردنی لادێکان بەپێی پۆلێنکردنیان شوێنجێیان بە کۆمەڵێک فاکتەری سروشتی و مرۆیی .



# پۆلێنکردنی نشینگە لادێییەکان لە جیهان

## ❖ پۆلێنکردن :

مەبەست لە پۆلێنکردن واتا :ریزبەندکردن و ڕێکخستنی شتێك یان چەند شتێکی دیاریکراو لە دەستەو پۆلێکی تایبەتدا، ئەمەش لەکاتی بوونی لێکچوون و لێك نزیکی لە نێوان شتەکاندا، بە مەبەستی تێکەڵاو نەبوون و ئاسان جیاکردنەوەیان.

بریتییە لە دامەزراندنی سیستەمێکی تایبەت بۆ دیاردە هەڵبژێردراوەکان و پۆلێنکردنیان لە سەر بنەمای تایبەتمەندییە لێکچووەکان و جیاوازەکان بە بەراوورد بە دیاردەکانی تر لە چوارچێوەی کۆمەڵە و گرووپی تر.

## ❖ دەکرێت نشینگە لادێییەکان بۆ چەند جۆرێك پۆلێن بکرێن لە دیارترینیان:

١- پۆلێنی ژینگەیی .

٢- پۆلێنی ئاووهەوایی.

٣- پۆلێنی قەبارەیی.

٤- پۆلێنی ئەندازەیی.

٥- پۆلێنی پیشەو کاروچالاکی.







# یەکەم : پۆلێنی ژینگەیی

## پۆلێنکردنی نشینگە مرۆییەکان بە گوێرەی ژینگەکان :

مەبەست لە ژینگە ئەو ناوەند و چوارچێوەیەیە کە دەوری مرۆڤی داوەو مرۆڤ تێیدا دەژیت و کاروچالاکییەکانی تێدا ئـەنجام دەدات، کـار لە مرۆڤ دەکات و مرۆڤیش کاریگەری لە سەر دەبێت، ژینگەکانی جیهان جۆراوجۆرن وەك ژینگەی چیایی و دەشت و بیابـان و زۆنـگ و زەلکاوەکان وبان و دۆڵاییەکان و هی تر، دەکرێت کاریگەری هەر یەك لەم ژینگانە بە جیا لە سەر نشینگە لادێیەکان دیار بخرێت.






# ژینگەیی چیایی

## یەکەم :ژینگەیی چیایی:

چیاکان پێناسە دەکرێن بەو بەشە زەوییەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەرزن و لا پاڵەکانیان لێژن، بە گوێرەی هەندێك لە جیۆلۆجیەکان و جوگرافی ناسەکان نزیکەی (٣٠٠) م بەرزترن لە ناوچەکانی دەوروبەرییان، چیاکان سەرباری ئەوەی هۆیەکی ڕاگرو هاوسەنگن بۆ زەوی و بەهۆیانەوە زەوی لەنگەری گرتووەو ژینگەیەکی لەبارن بۆ دابارین و سەرچاوەی ئاوی سازگارو سروشتێکی سەرنجڕاکێشیان هەیە لەو ڕووەی جۆرەها زیندەوەرو گیانلەبەری ناوازەو جوان لەخۆ دەگرن، بە جۆرێك ئەو سوودو کەڵکانەی باسکران کەمترن لەوەی باسنەکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی سەختی و دژواری ناوچەکە لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی سنووردارکردنی نیشتەجێبوون، لەو ڕووەی نشینگە لادێییەکان لە ناوچە چیایەکان بە کەمی و بە شێواز و تەرزی پەرش و بلاو دەبینرێن.

### لە گرنگترین خەسڵەتەکانی نشینگە لادێییەکان لە ناوچەکەدا بریتین لە:

- بە هۆی سەختی و دژواری ناوچەکە نشینگەکان بە شێوازی بلاو یان پەرش و بلاو دەبینرێن.
- نشینگەکان لە نزیك کانیاوەکان و لە هەردوو لای دۆڵە چیاییەکان بنیات دەنرێن.
- خانووی نشینگەکان نزیك لە یەکن و ڕووبەریشیان بچووکە.
- کەرەستەی بیناکردن بریتیە لە بەردو قوڕو دار.
- بوونی لوولەکی گەرمکەرەوەکان.



# ژینگەیی چیایی



## یەکەم :ژینگەیی چیایی:

جگە لەم خەسڵەتانە بە هۆی کەمیی زەوی تەختایی لە ناوچە چیایەکان بۆیە خانووی نشینگەکان جۆرێکی تایبەت لە شێوازی بیناکردن لەخۆ دەگرن ئەویش بریتیە لە شێوازی (پلیکانەیی)، تاوەکو ببێتە هۆکارێك بۆ زیاتر سوود وەرگرتن و ژێربارخستنی زەوی تەختایی بۆ کشتوکاڵکردن.جۆری دابەش بوونی خانووی لادێی لەم ناوچەیەدا زیاتر مەیلی بۆ بلاوبوونەوە هەیە لە بەر ئەم هۆیانە:

١- چونکە زۆربەی زەوی شیاو لەم ناوچەیەدا بەشیوەی پارچە پارچەیە.

٢- پیویستی بوون بۆ ئاسایش و خۆپاراستن هەندێك جار هانی مرۆڤ دەدات کەوا لەناوچەی چیاکاندا نیشتە جێ ببێت.

٣- پیکهاتەی کۆمەلأیەتی و داب ونەریتی کۆمەڵگا و هۆکاری ئاوهەوا رۆڵی هەیە لە درووستبوونی خانووی لکێندراو لەناوچەی چیاکان.


٤ - گوندەکان لیرە دەکەونە شوینی لێژ دوور لە زەوی کشتوکاڵی .

٥- زەوی لەناوچەی چیادا بەوە جیادەکریتەوە کە دژوارە وە خانوەکان لەبەرزایی داریکراودا بنیات دەنرێن بەتایبەت لەهەورازو و قەت پالی چیاکاندا.

٦- بە زۆری کانیاوەکان سەنتەری کۆبوونەوەی خانووی لادێین لە ناوچە چیایی و نیمچە چیاییەکاندا .

٧- خانووەکان لەو جیگایانەدا دەست پیِ دەکات کە نزیك دۆڵەکانە دواتر بە قەد بناری چیادا سەر دەکەوێت بە شێوەی ریزی یەك لە دوای یەك .

# ژینگەیی چیایی



**بوونیات نانی لادێ لەناوچەی چیادابەچەندفاکتەریك کاریگەری دەبێت:**

١-درێژبوونەوەی زنجیرەی چیاکان.

٢- پلەی لێژی.

٣- رادەی ئاووجۆری سەرچاوەکەی.

٤- ئاستی بژێوی.

٥- ئاستی کومەلایەتی.

٦- رادەی پیشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە لە م ناوچەیەدا.



# ژینگەیی چیایی

**خانووی لادێیی لە ناوچە چیاییەکاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردە سروشتییەکانی وەك :**

١- خانووەکان لە قەدپاڵی چیاکان بنیات دەنرێن کە بە پیچەوانەی ئاڕاستەی بایە ساردەکانە لە کاتێکدا پشتی خانووەکان کە بەرەو رووی بایەکان دەبێت تاوەکو نیوەی چەقیوەتە ناو زەوی بۆ خۆپارستن لە کاریگەری بای سارد و باران و بەفر .

٢- ئەو خانوانەی ئاڕاستەکەیان بەرەو باشور و ڕۆژهەڵاتە لە کوردستان زۆرتر لە تیشکی خۆر بەدەست دێنن وجێگای خانووەکان دەکەویتە بناری چیاکان .

٣- بەرد : کەرستەیەکی سەرەکی بیناکاریە لەم ژینگەیە دا .

٤- دارو لقی درەختان لە دروست کردنی سەقفی خانوەکان بەکاردێت ئەم کەرەستانە بە زۆری لەم ژینگەیە دا هەیە.

٥- زۆرجار کەرستەی دیکەی بیناکاری بەکاردیت لەم ژینگەیە کە لە دەرەوە دەهینریت وەکو چیمەنتۆ و گەچ و شیش .





# ژینگەیی چیایی

**سەبارەت بە نەخشەی ڕووی دەرەوەی خانوو دوو خەسڵەتی جیاکەرەوەی هەیە :**

١- هەبوونی لێژیەك لەسەقفی خانوەکان بۆ یارمەتی سەرفکردنی ئاوی باران .

٢- بەدیارکەوتنی لوولەی سۆبە کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ساردو بەفراوی ئەم ژینگەیەیە لەوەرزی زستاندا.



# ژینگەیی دەشتایی

## دووەم :ژینگەی دەشت :

دەشت بریتییە لە ناوچەیەکی بەرفراوانی تەخت، یان بەو ناوچانە دەگووترێت کە لە ڕووی لێژییەوە کەم لێژو تەختن و لێژییان لە دەوروبەری (٥) پلەدایە، دەشتەکان بە یەکێك لە گرنگترین یەکە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان هەژمار دەکرێن بۆ زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانکردن.





# ژینگەیی دەشتایی

**نشینگە لادێییەکان لە ناوچە دەشتاییەکان بە چەند خەسڵەتێك جیادەکرێنەوە کە دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە گرنگترییینیان بدرێت:**

١- نشینگەکان بە شێوازو تەرزی جۆراوجۆر بەدی دەکرێت وەك :کۆبووەوە و هێڵی و بلاو، ئەمەش بە گوێرەی تاییە تمەندی و خەسڵەتی دەشتەکان.

٢- خانووەکان رووبەرییان گەورەیە.

٣- بە هەمان شێوەی ناوچە چیاییەکان نشینگەکان لە نزیك کانیاوەکان یان لەگەڵ ڕێرەوی ڕووبارەکان بنیات دەنرێن.

٤- رووی زەوی کراوە و تەختەو هێچ شاخێك یا بەرزاییەکی دژواری تیدا نیە .

٥- زەوی لە ژینگەی دەشتایی فراوانە بۆ چالاکی کشتوکاڵ و ە دەتوانرێت جۆرە ها ئامێری تێدا بەکار بهێنی .

٦- هاتوچۆ ئاسانە دەتوانریت جۆرەها شێوەی گواستنەوە بەکار بهێنرێت سەرەڕای بەستنەوەی گوندەکان بە سەنتەری شارەکان .

٧- درووستکردنی خانوو لەژینگەیی دەشتایی لە جێگەی بەرزە؟بۆ پاراستن لە مەترسی لافاو لە وەرزەکانی دابارین و پەڵەدان .

# ژینگەیی دەشتایی

نشینگە لادێییەکان لە ناوچە دەشتاییەکان بە چەند خەسڵەتێك جیادەکرێنەوە کە دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە گرنگترییینیان بدرێت:

٨- لەم ژینگەیەداخشت بەکاردەهێنن کە لە قوڕ و کا یا خود ئەو لیتاوەی کە لە رۆخی زێیەکان دە نیشێتەوە دروست دەکرێ.

٩- سەقفی خانوو بە چڵەدار و حەسیری دار خورما دروست دەکرێ سەرەڕای بەکارهێنانی چیمەنتۆو و ئاسن .

١٠- ژینگەی دەشتایی لەبارە بۆ کشتوکاڵی فراوان سەرەڕای بە خێوکردنی ئاژەڵ بۆیە ژمارەی دانشتیوانی دیهاتی تیایدا بەرزە .

# ژینگەیی دەشتایی

جگە لەمانە بە هۆی بوونی ڕووبەری تەختایی و لەبار بۆ کشتوکاڵکردن پیشەی سەرەکی دانیشتوانی دەشتەکان کشتوکاڵکردنە، وە بە جۆرێك دەکرێت کشتوکاڵ بە جۆر و شێوازە جۆراوجۆرەکانیەوە لە دەشتەکان پەیڕەو بکرێت.






# ژینگەی بان و دۆڵاییەکان

## ٣- ژینگەی بان و دۆڵاییەکان ( الهضاب والبوادي ) :

بریتییە لە ناوچەیەکی دەشت کە گرفتی گەورەی نەبوونی ڕێژەی ئاوی پێویستە, یان بریتیە لە ناوچەیەکی بەرز, بەلاّم لوتکەی نیە, وە زیاتر لە شێوەی چۆڵەوانیە ,بەلاّم ئەگەر بارانی لێباری و ئاوی زۆر بوو, ئەوا دەبێتە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و کۆبوونەوەی دانیشتوان. بەلاّم ئەگەر بارانی لێنەباریێت دەبێتە ناوچەیەکی وشکانی و بیابانی چۆڵ دەبێت لە دانیشتوان, باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە بریتیە لە ( بانی ڕۆژئاوا ) لە عیراق.





# ژینگەی بان و دۆڵاییەکان

## ژینگەی بان و دۆڵاییەکان ( الهضاب والبوادي ) :

**لەتایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ژینگەیە :**

١- ژینگەیەکی وشکە ,و ئاوی کەمە ,و بارانی بەدەگمەن لێدەبارێت.

٢- خانووەکانیان لە خێمەن,و بە شێوازی جۆراو جۆر پێك هاتوون.

٣- چالاکی سەرەکیان بریتییە لە( شوانکارەیی ,ڕاووشکار,کشتوکاڵی چێنراو )


٤- بەهۆی کەمی و نەبوونی ئاو ژیانیان لە شوێنێکدا جێگیر نیە , چونکە بەدوای ئاودا بەردەوام لە کۆچ کردندان.

# ژینگەی زۆنگ زەلکاوەکان

## ٤- ژینگەی زۆنگ وزەلکاوەکان :

بریتییە لە ژینگەیەکی دیاری کراو کە لە چەند ناوچەیەکی کەم لە جیهاندا بوونی هەیە نموونەی لەم جۆرە وەك( زۆنگاوەکانی باشووری عراق وباشووری سودان. ئەم ژینگەیە بەشێکی دەشتی باشووری عێراق دادەپۆشیت کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٠٠٠) کم چوارگۆشەیە.





# ژینگەی زۆنگ زەلکاوەکان

**زەلکاو:** بەو زەوییە نزمانە دەوترێت کە ڕووەکەی بە ئاو دا پۆشراوە بەدرێژایی ساڵ.

**زۆنگ :** ئاوێکی تەنکە و ڕووەکەی قامیش وجۆری دیکەی ڕووەکی ئاوی داپیپۆشیوە .

**لەتایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ژینگەیە :**

١- هەرێمیکی تایبەتیە کە جیاوازە لە ناوچەکانی دەوراوپشتی کە هەرێمی ووشك ونیمچە ووشکن .

٢- خانووە کانیان لە سەر دوورگەی دەست کرد دروست دەکەن .کە دوو جۆرن .

أ ( الصرائف ) کەسادەترین شێوی خانووە لەم ژینگەیەدا کە لەقامیش دروست دەکرێت .

ب ( الاکواخ ) کە بەزۆری لەشوێنی ناهەمیشەیی زەڵکاوەکان هەیە ولەکەناری ڕووبارەکان, بۆنموونە لە باشووری عیراق بە زۆری هەیە .

٣- گڕفتی سەرەکی ئەم هەرێمە زۆری ئاو کەمی زەویە .

٤- دانیشتوانەکەی خەریکی کۆکردنەوەی قامیش و بە خێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵی چێنراو ن.

# دووەم : پۆلێنی ئاووهەوایی


## پۆلێنی ئاووهەوایی :

به یەکێك له گرنگترین پۆلێنەکان هەژمار دەکرێت به هـۆی کاریگـەری دیــارو بەرچاوی ئاووهەوا له سەر ژیان و گوزەرانی مرۆڤ ، مۆرڤ هەمیشـە هەوڵـدەدات خۆی لەگەڵ ئاووهەوای ئەو ناوچەی تێیــدا دەژیــت بگونجێنیــت، بــەڵکو بــەر لەوەی بڕیار له نیشتەجێبوون له هــەر ناوچــەیەك بــدات، لــە ئاووهەواکــەی دەڕوانێت و به جۆرێك نشینگەکانی تێدا بنیاد دەنێت که گونجاو و له بار بێــت لەگەڵ ناوچەکەو ئاووهەواکەی.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

## پۆلێنی ئاووهەوایی :

**بە سەیرکردنی نەخشەی پۆلێنکردنی هەرێمە ئاووهەواییەکان بە گوێرەی پۆلێنی (Koppen-Geiger) دەکرێت چەند نموونەیەك لە هەرێمە ئاووهەواییەکان وەربگیردرێت و کاریگەرییەکانی لە سەر نشینگە مرۆییەکان بەرچاو بخرێت:**



# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

## یەکەم: هەرێمی ئاووهەوایی جەمسەریی(Polar) :

ئەم هەرێمە لە رووی پلەکانی گـەرماوە زۆر سـارەدەو تێکـڕای پلـەی گـەرما لـە تـەواوی مانگەکانی ساڵ لە ژێر دە (١٠) پلەی سیلیزییدایە، بەمـەش ژیـانکردن ئەسـتەم دەبێـت، **گرنگترین خەسڵەتی نشینگەکان لە ناوچەکە ئەمانەن:**

- **بچووکی نشینگە لادێییەکان و کەمی ژمارەی دانیشتوانیان.**
- **نشینگەکان شێوازی پەرش و بلاو وەردەگرن.**
- **بە دەگمەن نشینگەی لادێی هەمیشەیی دەبینرێت.**

ئاوەدانی ئەم ناوچانە زیاتر بریتین لە گوند و لادێی کـاتی یـان نشـینگەی تایبـەت بـە دەستەو گروپی توێژینەوەو کاری روپێوی و دوزینەوە، هەروەها بە هۆی سـەختی و قورسـی ئاووهەوای ناوچەکە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی لادێیەکان راوکردنی ماسـی و زینـدەوەرە دەریاییەکانـە، بـە گشـتی نشـینگە لادێییـەکان لـە قـەراغ و کـەنار دەریـاو زەریاکـان بنیادنراون، ئەمەش بە هۆی بوونی تەوژمە زەرياييە گەرمەكان لە ناوچەكەدا.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی



# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

## دووەم : هەرێمی ئاووهەوایی بیابانەکان (Desert) :

بیابانەکان لە زۆر حاڵەتەدا هاوشێوەی جەمسەرەکان بە هۆی بەرزی پلەکانی گەرما تێیدا ژیانکردن قورس و ئەستەمە، ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لە سەر نشینگە مرۆییەکان و تەرزی بڵاوبوونەوەیان و قەبارەیان، دەکرێت گرنگترین خەسڵەتی نشینگەکان لە بیابان و ناوچە ووشکەلانەکانی لەم خاڵانە دیاربکرێت:

- بچووکی نشینگەکان و کەمی ژمارەیان.
- نشینگەکان بە شێوازی پەرش و بڵاو بەدی دەکرێن.
- بوونی نشینگەی هەمیشەیی.

بە گشتی نشینگە لادێیەکان لە بیابانەکان بە بچووکی قەبارەیان جیادەکرێنەوەو بە شێوازی پەرش و بڵاو بەدی دەکرێن، لە هەر شوێنێك سەرچاوەی ئاوی هەبێت وەك مێرگ و نزیکی ئاو لە رووی زەوی و سازگاریی ئاوەکە دانیشتوان ئەم شوێنە دەکەن بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان، ئەمەو ئەگەر چی نشینگە لادێیەکان لە بیابانەکان ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوان لەخۆ دەگرن، بەلام بە بەراورد لەگەڵ ناوچە جەمسەرییەکان ژمارەکە زیاترەو نموونەش بۆ ئەمە ناوچە ووشك و بیاباناوییەکانی کیشوەری ئوسترالیایا و بیابانی عەرەبییە.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

## سێییەم: هەرێمی ئاووهەوایی ناوچە شێدارەکان :

وەك ناوچە کەمەرەییە شێدارو باراناوییەکان، ئەم ناوچانە بە گشتی گەرم و شێدارن، بۆ نموونە دارستانی باراناویی ئەمەزۆن کە رووبەرەکەی دەگاتە (٥.٥ ملیۆن کم[2] نموونەیەکی بەرچاوی ناوچە شێدارەکانە کە بە گشتی بە درێژایی ساڵ بارانی لێدەبارێت و ناوچەیەکی شێدارو گەرمە، لادێنشینی و نشینگە لادێیەکان لەم ناوچەیە بە شێوازو تەرزی جیاواز دەبینرێت وەك تەرزی هێڵی کە بە درێژایی لقە رووبارییەکان بنیادنراون، بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا تەرزی سەرەکی و باو بریتییە لە تەرزی بلأو، ئەمەش بە هۆی سەختی و دژواری ناوچەکە کە بریتییە لە دارستان و جەنگەڵێکی چڕوپڕ.


## گرنگترین خەسڵەتی نشینگە لادێییەکان لەم ناوچەیە بریتیە لە:

- بچووکی لادێیەکان بە هۆی سەختی و دژواری ناوچەکە.
- نشینگەکان بە شێوازی جیاواز بەدی دەکرێن.
- بە گشتی نشینگەکان لە جۆری هەمیشەیین.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

## سێییەم: هەرێمی ئاووهەوایی ناوچە شیدارەکان :

نشینگەکان بە گشتی لە دار و گەلای دارو لق و پۆپی دارو دارۆچکەکان بنیاد دەنرێن، لە لایەکی تر ژینگەی ناوچەکە ڕەنگدانەوەی لە سەر کاروچالاکی دانیشتوانی لادێنشینی لە ناوچەکە جێهێشتووە، بە جۆرێك لادێنشینکەکان خەریکی کۆکردنەوەی بەروبوومی دارستانیی و ڕاوەماسی و کشتوکاڵن.




# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی


سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەکرێت چەند نموونەیەك وەربگیردرێت تایبەت بە خەسڵەتی نشینگە لادێیەکان و کاریگەربوونیان بە ئاووهەواکەی، بە جۆرێك هەردوو رەگەزی ئاووهەوایی ( پلەی گەرمی و داباراین ) کاریگەری زۆریان لە سەر دابەشبوون و شێوازی بیناکردن هەیە لە لادێییەکان، کە دەکرێت بە کورتی لەم چەند خاڵە ڕوون بکرێتەوە:

وەك لە نەخشەی ئاوهەوای عیراق دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان بە گشتی دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی ئاووهەوایی دەریای ناوەڕاست، وە هەرێمەکە شوێنەوارو کاریگەری جێهێشتووە لە سەر نشینگە لادێییەکان و کاروچالاکییەکانیان.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی

هەرێمەکە ئاووهەواکەی ساردو باراناوییە لە مانگەکانی زستان, وە گەرمەو وشکە لە مانگەکانی هاویندا، بە جۆرێك ناوەندی پلەکانی گـەرمی وەرزی زسـتان لـە( ٥ ) پلەی سیلیزی نزیك دەبێتەوەو کۆی بارانی ساڵانەش لـە بەشـەکانی سـەروو تێیـدا دەگاتە (١٠٠٠) ملم زیاتر، هەر لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆر لە ناوچە شاخاویی و بەرزەکان دەبارێت، ئەم دۆخە تایبەتەی ئاووهەوا رەنگدانەوەی لە سـەر خەسـڵەتی نشینگەکان دەبێت لە لایـەك و کاروچـالاکی لادینشـینانیش لـە لایـەکی تـر، بـۆ نموونە :ئەم رێژە بەرزەی باران بارین دەبێتە هۆی زۆربوونی سەرچاوە ئاوییـەکان و جۆراوجۆرییان وەك کانیاو لقە رووبـاری و زۆربـوونی ئـاوی ژێـر زەوی کـە ئەمـەش ناراستەوخۆ کاریگەری لە سەر راکێشانی دانیشـتوان و بینادنـانی نشـینگەکان لـە نزێك ئەم سەرچاوە ئاوییانە دەبێت، کە ئەمەش وا دەکات لادێکان بە شـێوازی بـڵاو یان پەرش و بـڵاو لەگـەڵ کانیاوەکـان یـان بـە تـەرزی هێڵـی لەگـەڵ دۆڵ و لقـە رووبارییەکان بڵاو ببنەوە، هەروەها زۆری رێـژەی بـاران بارین کاریگـەی لـە سـەر زۆربوونی روو پۆشە رووەکیەکان دەبێت، بۆیە دار و دارۆچکە بۆ بنمیچـی خانووەکـان بەکاردەهێنرێت.

# دووەم پۆلێنی ئاووهەوایی





هەروەها یەکێکی تر لە ڕەهەندەکان بریتیە لە **ئەندازەی بیناسازی نشینگەکان**، کە بە هۆی سەختی ئاووهەوا لەم ناوچەیەدا نشینگەکان لوولەکێشی گەرمکەرەوەیان هەیەو خانووەکان ڕووەو ڕۆژ و پشت لە ئاراستەی بایەکان بنیاد دەنرێن.

لە بەرانبەردا بە هۆی کەمیی بڕی باران لە ساڵدا لە بەشەکانی خواروو کە بڕی باران لە نێوان (٢٠٠-٣٠٠) ملم، هەروەها پلەکانی گەرماش بەرزترە، بۆیە کاریگەری ئاووهەوا لە سەر نشینگەکان و خەسڵەتیان کەمترە بەبەراوورد لەگەڵ ناوچە شاخاویی و بەرزەکان، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کشتوکاڵکردن لەم ناوچەیەدا زیاتر دێمییەو لادێیەکانیش بە تەرزو شێوازی جۆراوجۆر بڵاوبوونەتەوە.


# سێیەم : پۆلێنی قەبارەیی

## پۆلێنی قەبارەیی نشینگە لادێییەکان




# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

پۆلێنی ئەندازەیی نشینگە لادێیەکان



# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

**یەکەم : شێوەی هێڵی :** لە ئە نجامی دابەشبوونی خانووەکان بە شێوازی هێڵی درووست دەبێت، لە ژینگەی دەشت و چیا بە دیاردەکەوێت، نزیك شەقامە سەرەکیەکان، لە ناو دۆڵەکان، لە سەر زنجیرە شاخەکان، بە درێژایی ڕووبارەکان، قەراغ دەریاکان، کەناڵە ئاوییە دەست کردەکان .



# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

## دووەم : شێوەی تۆڕی ( چوارگۆشە و لاكێشە ) :

لە ئەنجامی دابەشبوونی خانووەكان بە شێوازی رێك و پێك دروست دەبێت لە ژینگەی دەشت بە زۆری بە دیار دەكەوێت ، شەقامەكان و جۆری پلاندانانی لادێ رۆلێكی سەرەكی دەگێڕن لە دروستبوونی ئەم شێوەیە، هەندێ جار لە ئەنجامی دابەشبوونی خانووەكان بە تەرزی كۆكراوە دروست دەبێت .



# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

## سێیەم : شێوەی بازنە یاخود نیوە بازنە :

لە ئە نجامی دابەشبوونی خانووەکان بە تەرزی کۆکراوە یان ڕێك و پێك دروست دەبێت لە ژینگەی دەشت و چیا بە دیار دەکەوێت ، هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ :

١- کاتێك خانووەکان نزیك بن لە یەکتر لە ژینگەی دەشتایی .

٢- شێوەی ئەو پارچە زەوییەی کە گوندەکەی لە سەر بونیاد دەنرێت لە ژینگەی چیاکان .




٣- خودی پلانی لادێ لە گوندی پلانداندراو .


٤- بە فیڕۆ نەدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان .

٥- بوونی دورگە لە ناو ڕووبار .

# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

## چوارەم : شێوەی سێگۆشەیی :

**لە ئەنجامی دابەشبوونی خانووەکان بە تەرزی کۆکراوە دروست دەبێت لە ژینگەی چیاکان ، جا چ سێگۆشەیی بەرەو سەرەوە بێت یان بەرەو خوارەوە ، نەبوونی زەوی گونجاو ، بوونی لێژایی ، شێوەی قەدباڵەکانی چیاکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستبوونی ئەم شێوەیە .**




# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

**پێنجەم : شێوەی ئەستێرەیی :** لە ئەنجامی دابەشبوونی خانووەکان بە تەرزی هێڵی دروست دەبێت ، کە خانووەکان وەك چەند هێڵێك لە سەنتەری گوندەکەوە درێژ دەبێتەوە تا لێوارەکانی ، هۆیەکانی دروستبوونی بریتیە لە :

١- لە ژینگەی دەشت بە دیار دەکەوێت بە درێژایی شەقامە سەرەکیەکان و لاوەکییەکانی ناو گوندەکە .

٢- شوێنی یەکتربڕینی چەند شەقامێکی سەرەکی بە تایبەتی لە ژینگە دەشتاییەکاندا .



# چوارەم : پۆلێنی ئەندازەیی

٣- لە ژینگەی چیاییەکان بە دیاردەکەوێت بە درێژایی شوێنە گونجاوەکان بۆ دروستکردنی خانوو یا خود سوود وەرگرتن لە لەوەڕگا و دارستانی قەدپاڵی شاخەکە ، کە خانووەکان هەر لە بەرزایی شاخەکە درێژ دەبێتەوە تا خوارەوەی قەدپاڵەکانی لە دەوروبەری شاخەکە

**شەشەم : شێوەی نارێك ( هەڕەمەکی یان هەمەچەشن ):**

لە ئەنجامی دابەشبوونی خانووەکان بە تەرزی پەرت و بڵاو یان بڵاو دروست دەبێت لە ژینگەی دەشت و شاخاوی ، دابەشبوونی هەمەچەشنەی خانووەکان رۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستبوونی .



# پێنجەم : پۆلێنی پیشەیی

دانیشتوانی دێهاتی دابەش دەبنە سەر سێ جۆری سەرەکی پیشە :

**١- پیشەی سەرەکی :**

کە پشت بە زەوی دەبەستێ وەك : کشتوکاڵ و کاری دارستان و ڕاوو و گرتنی ماسی.

**٢- پیشەی لاوەکی :**

دانیشتوانی لەم پیشەیەدا ئەوکارانە دەکەن کە خزمەتی پێویستیەکانی دانیشتوانی پیشە سەرەکیەکان بکات , وەکو خاوەن دووکانەکان وکاری دەستی وفەرمانبەران.

# چوارەم : پۆلێنی پیشەیی

## ٣- پیشەی سەرپێ :

ئەمەش زیاتر ئەو دانیشتوانە دەگرێتەخۆ کەبەشێوەیەکی سەرپێی بە ئارەزوی خۆیان لەدێهاتەکان جێنشین دەبن وە لەهیچ پیشەیێکی سەرەتایي یا لاوەکی کار ناکەن,چونکە ئەمانە دێنە لادێ بۆ حەوانەوە یا پیاوانی پاسەوانی شارستانین یائەوەتا ئەو کەسانەن کە دێنە خانووی دێهاتیان بۆ وەرزێکی دیاریکراوو بۆ مەبەستی بەسەر بردنی پشوو .

# وانەی داهاتوو:

- هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دابەش بوونی جوگرافیای نشینگە لادێییەکان :

ا.هۆکارە سروشیەکان؛ ب. هۆکارە مرۆییەکان.




سوپاس